وێنەیەکی تەرجەمەکراوی
دەقە عەرەبییەکەیە

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی - عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان:37**
**رۆژی دەرهێنان:2004/9/23**

پشت بە حوکمی برگە (1)ی ماددەی (56)وماددەی(53) لە یاسای ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی (1992) و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی- عیراق و، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەن لە دانیشتنی ژمارە(47)ی رۆژی (2004/9/22)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەلاتەش کە برگە(3)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(10)ی ساڵی 1997 پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**دیاسای ژمارە(37)ی ساڵی/2004**
یاسای دووەم هەموارکردنی یاسای ژمارە(14)ی
**هەموارکراوی ساڵی (1992)ی دەسەلاتی دادوەری**

**ماددەی یەکەم:**

برگەی یەکەمی ماددەی چل وچواری یاسای ژمارە(14)ی ساڵی 1992 هەمواردەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

1-دادوەر تا(70)حەفتا ساڵ لە تەمەنی تەواو نەکا خانەنشین ناکرێ.

دەشێتیش کاتی تەواوکردنی شەست و سێ ساڵ لە تەمەنی، لەسەر داوای خۆی خانەنشین بکرێ. لە هەردوو حاڵەتەکەشدا، خانەنشین کراوەکە ئەو مووچەو دەرماڵەیەی دەکەوێ کە بەر لەخانەنشین بوونەکەی وەریدەگرت.

**ماددەی دووەم:**

1-حوکمەکانی ئەم یاسایە هەموو ئەو دادوەرانە دەگرێتەوە کە لە هەرێمی کوردستاندا لە کاردانە.

2-ئەو دادوەرانەی بەر لە بەرکارخستنی ئەم یاسایە خانەنشین کراون و تەمەنی خانەنشینیی ئیجبارییان تەواو نەکردووە، دەشێ بخرێنەوە سەرئیش.

**ماددەی سێیەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان) دا دەخرێتە بەرکار.

**د.کمال عبدالکریم فؤاد**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی - عیراق**